# سیکۆلاریزم بە زمانێکی سادە

نووسەر
ئاستین کلاین

وەرگێڕانی
هەژیر شەریفی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران
xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب : سیکۆلاریزم بە زمانێکی سادە
- نووسەر: ئاستین کلاین
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە : هەژێر شەریفی
- پیتچنین: هەژێر شەریفی
- دیزاینی ناوەرۆک : زانا کەمال
- بەرگ : ئارام عەلی
- تیراژ : ٧٥٠
- زنجیرە : ٢٢٢
- چاپخانە: کارۆ
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٢١٨٦) ساڵی (٢٠٠٨)

سیکۆلاریزم یەکێکە لەگرینگترین دیاردەکانی رۆژئاوا،پێگەو هێزی بەربلاوی سیکۆلاریزم نەک هەر رۆژئاوای ئێستای لەرۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاست و دێرین جیا کردووەتەوە بەڵکو ئەوی لەگەڵ هەموو ناوەندە روناکبیریەکانی دیکەی جیهان جیاوازتر کردووە. رۆژئاوای ئەمڕۆ زۆرتر لەبەر دەرکەوتنی بزاوتی سیکۆلاریزم بەم پێگەی ئێستای گەشتووە؛ بە بڕوای هەندێ کەس ئەم خاڵە هۆیەکە بۆ ستایشی سیکۆلاریزم وە بۆخەڵکانی دیکەش هۆیەکە بۆ لە دژ وەستانەوەی. بەلام سیکۆلاریزم چییە و لەکوێوە هاتووە؟ بۆ روانگەی سیکۆلاریزم بەس لەکۆمەڵگاو کولتووری رۆژئاوادا گەشەی کردووە و لەهیچ شوێنێکی دیکەی جیهان





گەشەی نەکردووە؟ بوونی تێگەیشتنێکی روونتر لەمێژوو و سروشتی سیکۆلاریزم یارمەتی خەڵک دەدات تاکو باشتر پەی بە رۆڵ و کاریگەری سیکۆلاریزم لەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەرن. بێ بوونی تێگەیشتنێکی دروست لەسیکۆلاریزم نەپشتگیری و نە لەبەرامبەر وەستانەوەی ئەنجامی نابێت.

## پێناسەی سیکۆلاریزم

### (**ریشەکانی سیکۆلاریزم لە بەرهەمەکانی "جۆرج یاکوب هالی ئوک"**)...

سەرەڕای گرنگی سیکۆلاریزم بیروڕای جیاواز لەسەر مانای راستەقینەی ئەم وشەیە هەیە. بەشێک لەم کێشەیە لەبەر ئەوەیە کە دەکرێ چەمکی سیکۆلاریزم بەمانای جۆراوجۆر بەکار ببرێت،هەرچەن ماناکانی لەیەک نزیکن بەلاّم جیاوازیەکانی ئەوەندە دەبێت کە تێگەیشتن لەمەبەستی سیکۆلاریزم بۆ خەڵک دژوار بکاتەوە.

وشەی سیکۆلار لەزمانی لاتین دا بە مانای (ئەم دونیا) (دونیایی) و سەر بەم جیهانە و بەپێچەوانەی ئاینی و یان رۆحیانی دێت. کاتێک وەکو ئامۆژەیەک(تعالیم) باس لەسیکۆلاریزم دەکرێ بەگشتی،مەبەست هەر فەلسەفەیە کە ئەخلاقی خۆی دوور لەئایین بنیات بنێت و بەدوای گەشەی پیشەیی





و زانستی مرۆییەوە بێت.

وشەی سیکۆلاریزم لەساڵی **١٨٤٦** لەلایەن (جۆرج یاکوب)ەوە داهێنرا،ناوبراو سیکۆلاریزمی بۆ وەسفی (بیرو بڕوایەک کە بەتەنیا دوای پرسیارو پرسگەلێک دەکەوێت کە لەژیانی ئەم جیهانەدا دەتوانین ئەزموونی بکەین ) بەکار هێنا[سیکۆلاریسمی ئینگلیزی ل**٦٠]**. "هالی ئوک" ریفۆرم خوازی سۆشیالیست و لەسەرئەو بڕوایە بوو کەدەوڵەت دەبێت لەخزمەتی پێداویستییە بەرچاو و هەنوکەیەکانی چینی کرێکار و هەژاراندا بێت،نەک لەخزمەتی ژیانی رۆحی و دونیای پاش مەرگ.

هەر لەم نوسراوەی سەرەوە دەتوانین تێبگەین کە یەکەمین بەکارهێنانی وشەی سیکۆلاریزم دژایەتی راشکاوانەی ئاینی لەگەڵ خۆی نەهێنا،بەڵکو ئاماژەکەی تەنها بەو هزرە بوو کە سەرنجی دەوڵەت دەبێت لەسەر ژیانی ئەم دونیای خەڵک بێت نەوەکو کەڵکەڵەی ژیانی ئەو دونیایان،بە دڵنیاییەوە ئەم هزرە لەگەڵ زۆریەک

لەو سیستمانەی کە باوەڕیان بە ئایین بوو وەکو مەسیحیەتی سەردەمی "هالی ئوک" رێک نەدەکەوت،بەلاّم هەموو سیستەمە باوەڕ ئایینیەکانیشی رەت نەدەکردووە.

دواتر "هالی ئوک" وشە داهێنراوەکەی خۆی راشکاوانەتر وەسف کرد: (( سیکۆلاریزم بە دوای گەشە پێدانی فیزیکی،ئەخلاقی و فیکری مرۆڤەوەیە تا بەرزترین ئاستێک کە دەتوانێت. ئەم گەشەیە ئەرکی سەرەکی ژیانە و کەماڵی پراکتیکی ئەخلاقی سروشتی،جیا لەئایتئیزم (بێ خوای) لەخۆ دەگرێت. تێئیزم ( باوەڕ بەخوا) یان ئینجیل،بۆ گەشەی مرۆڤ،شێوەو رەهەندی ماددی هەڵدەبژێرێت و ئەم رێکەوتنە پۆزەتیڤانە زەمینەیەک بۆ یەکگرتنێک دەرەخسێنێت،یەکگرتنێک کە رێگە دەدات لەرێی ئەقڵەوە پەرە بە ژیان بدەین و ژیانمان ئاراستە بکەین.

دەبینین کە پێداگرییەکە هەر لەسەر سەرچاوەی ماددی و ئەو شتانەیە کە پەیوەستن بەم جیهانەوە،نەک شتە ناماددیەکان واتە رۆحانی یان





ژیانی ئەو دونیا،بەم حاڵەشەوە لێرەشدا ئاماژەیەک بۆ رەتکردنەوەی ئایین لەلایەن سیکۆلاریزمەوە نادۆزینەوە.

چەمکی سیکولاریزم سەرەتا وەکو فەلسەفەیەکی نا ئایینی هاتە گۆڕی کە سەرنجی لەسەر پێداویستییەکانی ژیانی ئەم دونیای مرۆڤ چڕدەکاتەوە نە وەکو پێداویستی و کەڵکەڵەی ژیانی شیمانەی جیهانی دوای مردن.

سیکۆلاریزم وەکو فەلسەفەیەکی ماتریالیستی( ماددە گەرا ) ناو نراوە کە هەم ئامرازی بوژاندنەوەی ژیانی مرۆڤ و هەم سروشتی جیهان،بە ماددی دەزانێت.

ئەمڕۆکە بە زۆری فەلسەفەیەکی لەم چەشنە بە هۆمانیزم (مرۆڤ گەرایی) یان هومانیزمی سیکۆلار دەزانن،سیکۆلاریزم لانی کەم لەزانستی مرۆییدا مانایەکی زۆر بەر تەسک تری پێدراوە. یەکەمین و سەرەکی ترین مانای ئەمڕۆی سیکۆلاریزم دژایەتی ئەوە لەگەڵ "ئایندا". بەم پێیە دەتوانین کاروبارێک سیکۆلار دابنێین کە لەچوارچێوەی دونیای و

مەدەنی و نائایینی ژیانی مرۆڤدا بگونجێت. لەمانای دووهەمی وشەی سیکۆلاریزمدا،کارو بارێک سیکۆلارە کە بەرامبەر کاروباری پیرۆز پاک و بوەستن و هەروا بەرامبەری ئەو کاروبارانە دەوەستنەوە کە بۆمان نییە سنورەکانیان ببەزێنین،لەم بەکار هێنانەدا دەتوانین شتێک بە سیکۆلار بزانین کە جێگەی پەرستن و پەیڕەوی کردن و پیرۆز راگرتن نەبێت. بەڵکو جێگەی رەخنەو داوەری و گۆڕین بێت.

## ریشه ئایینیەکانی سیکۆلاریزم...

## (( سیکۆلاریزم وەک گەشه کردنێکی وانەو ئەزموونەکانی ئاینی مەسیحی))

لەبەر ئەوەی مانای سیکۆلاریزم لەبەرامبەری ئایندا دێتە گۆڕێ ڕەنگە زۆرێک نەزانن کەسیکۆلاریزم سەرەتا لەبواری ئایینیدا دەرکەوتووە. ڕەنگە ئەم بابەتە بۆ زۆرێک لە فێندەمێنتالیستەکان کە بەردەوام خراپی بڵاوبوونەوەی سیکۆلاریزم لەجیهانی پێشکەوتوودا دەڵێن،سەرسوڕ هێنەر بێت.

لەڕاستیدا دەتوانرێت ریشەکانی جیاوازی نێوان بواری دونیایی و رۆحی لە کتێبی ئینجیلدا بدوزرێتەوە. لەم کتێبەدا وتەیەکی عیسا باس دەکرێت کە دەڵێت " کاروباری قەیسەر بە قەیسەر و کاروباری خواش بە خۆی بسپێردرێت". دواتر **ئۆگۆستین** کە یەکێکە لە گەورەترین زانایانی ئاینی





مەسیحیەت،جیاوازییەکی تەکنیکی تری خستە نێوان ئەم دوو بوارەوە،ئەو جیاوازی خستە نێوان دوو "شار":یەکەم شاری دونیا (Civitas terrenae) و دووهەم شاری خودا (Civitasdei ).

ئەگەرچی **ئۆگۆستین** ئەم چەمکانەی بۆ روون کردنەوەی مەبەستی خوا لەگەشەی مێژووی مرۆڤ بەکار هێنا. بەڵام کەسانی تر بۆ ئامانج گەلێکی بنچینەیی تر بەکاریان هێنا. هەندێ کەس بەدوای رێگەیەکدا دەگەڕان بۆ پاساودانی سیستەمی پاپایی،گوتیان رێکخراوی کلێسەی کاتۆلیک هێمای شاری دونیایە،و لەئەنجامدا دەوڵەتە مەدەنیەکان دەبێت بە سیستەمی کلێسەی وەفاداربن. هەندێکی تر کە بەدوای پاساودان بۆ سەربەخۆی دەوڵەتە سیکۆلارەکانەوە بوون،چەمکە **ئۆگۆستینییەکانی**، شاری خوداو شاری دونیاویان بە نیشانەی گرینگی رۆڵی شاری دونیاوە دەزانی. دواجار ئەوە پشتیوانی خودای لەهێزی مەدەنی خۆڕسک (autonomous) بوو کە سەرکەوت.

لەئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زۆری

وشەی لاتینی (secularis) بۆ وەسفی "سەردەمی ئێستا" بە کاردەهێنرا،بەڵام لەکردەوەدا،سیکۆلار بەو قەشانە دەوترا کە سوێندی راهیبانە (وازهێنان لەخۆشییەکانی ئەم دونیا)یان نەخواردبوو،ئەو قەشانەی کە لەجێگەی گۆشەگیریی راهیبانە کاروباری دونیایان هەڵدەبژارد بە سیکۆلار ناودەنران.

لە بەر ئەوەی ئەم کەسانە "لەدونیادا" کاریان دەکرد،نەیاندەتوانی ستانداردی باڵای ئەخلاق و کردەوەی کەسییەتی بەدەست بهێنن،هەر ئەم هەڵبژاردنە،ئەوانی لەوپاکییە رەهایە بێ بەش دەکرد کە لەپیاوە رۆحانیەکان چاوەڕوان دەکرا. بەڵام ئەو کەسانەی کە سوێندی راهیبانەیان دەخوارد دەیانتوانی ستانداردی باڵا بەدەست بێنن،هەر لەبەر ئەمە دوور نەبوو لەسیستمی پلەبەندی کڵێسەدا ئەم ئایندارە سیکۆلارانە بە چاوێکی کەمترەوە سەیر بکرێن.

دەبینین کە تەنانەت لەسەدەکانی سەرەتای مەسیحیەتدا جیاوازی لەنێوان ئاینی بێخەوش و





سیستەمی ئاینی خەوشدار،کۆمەڵایەتی و ئەم دونیایی،لەرێکخراوی کڵێسەدا هەبووە. ئەم جیاوازیە دواتر بووە هۆی جیاوازیگەلێکی تر کە لاهوتیەکان لەنێوان باوەڕ ومەعریفەت و لاهوتی سرووشی(وەحی) و لاهوتی سروشتی پێکیان هێنا.

باوەڕ و سرووش لەکۆنەوە بە موڵکی نەگۆڕی ئامۆژە و داهێنانی کڵێسەیی دەژمێردرا. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات هەندێک لەلاهوتیەکان بەڵگەیان هێنایەوە کەپانتایەکی جیاواز لەمەعریفە هەیە کە پەیوەندی هەیە بە ئەقڵی مرۆڤەوە،بەو شێوەیە ئەوان بیرۆکەی لاهوتی سروشتییان هێنایە ئاراوە. لەلاهوتی سروشتیدا مەعریفە بەخوا،نەک تەنها لەرێگەی سرووش و باوەڕەوە بەدەستدێت بەڵکو عەقڵی مرۆڤیش دەتوانێت بە تێڕوانین و بیر کردنەوە لەسروشت بەم مەعریفەتە خوداییە بگات. لەکۆنەوە لەسەر ئەو بڕوایە بوون،ئەم دوو پانتاییەی مەعریفەت پێکەوە یەک دەگرنەوە و یەکەیەک پێک دێنن،بەڵام ئەم یەک گرتنە زۆری نەخایاند. بەرەبەرە هەندێک لە زانا لاهوتیەکان کە

بەناوبانگترینیان (ئسکۆتۆس) و (ڤیلیام ئۆکامی) بوون،بەڵگەیان هێنایەوە کە پایەی باوەڕی مەسیحی لەسەر سرووشە و بەم پێوەرە،پڕە لەو لێکدژیانەی کە بۆ ئەقلی مرۆڤ کێشە ساز دەکات. لەئەنجامدا ئەم زانا لاهوتیانە ئەو تەوەرەیان هەڵبژارد کە لەکۆتاییدا ئەقڵی مرۆڤ و باوڕی ئایینی لەگەڵ یەک ناگونجێن. ئەقڵی مرۆڤ دەبێت لە بواری ئەزموونی دا بە روانینی ماددیەوە خەریک بێت،هەرچەن ئەگەری ئەوە هەیە ئەقڵیش لەگەڕانی دا بە هەمان ئەنجام بگات کە باوەڕی ئایینی و بەدوادا چوونی سروشتی میتافیزیک پێی گەشتووە،بەڵام ناکرێت ئەمانە لەیەک سیستەمی تۆژینەوەیدا دابندرێن.باوەڕ ناتوانێت ئەقڵو وشیار بکاتەوە و ئەقڵیش ناتوانێت ژێرخانی باوەڕ بێت. هەنگاوی کۆتایی بەرەولای سکۆلاریزمێکی گشتگیر،کاری سکۆلارەکانی دژی مەسیحیەت نەبوو بەڵکو کاری ئەو مەسیحیە ئاییندار و بەباوەڕانە بوو کە لەدوای وێرانیەکانی جەنگی ئایینی تووشی ماڵوێرانی سەرلێشێواوی بوون. ئەو جەنگانەی لەسەر ئەوەی





کە بیر و باوەڕی ڕاستەقینەی ئایینی چییە،سەریان هەڵدابوو،ئەمە لە سەردەمێکدا بووکە چاکسازی ئایینی سەرانسەر ئەوروپای گرتبۆوە. لە وڵاتانی پرۆتستانتدا ئەم دیاردەیە سەرەتا هەوڵێک بوو بۆ وەرگێڕانی بنەما کومەڵایەتیەکانی ئایین بە بەربڵاویەکی زۆرتر بۆ توێژەکانی جەماوەری سیاسی. بەڵام ئەم هەوڵە لەبەر دووبەرەکی زۆر لەنێوان گروپە مەسیحیەکاندا سەرنەکەوت. لە ئەنجامدا خەڵک بۆ پاراستنی خۆیان لەشەڕە مەدەنیەکان بە دوای ڕێگا چارەیەکدا دەگەڕان،دەرئەنجامەکەشی ئەوە بووکە دەست بە داوێنی ڕاشکاوانە و ئاشکرای ئامۆژە مەسیحیەکان کەم بوویەوە و بەتەنیا بە لایەنە گشتی و ژیرانەترەکانی مەسیحیەت پشت بەسترا. لەلای نەتەوە کاتۆلیکەکاندا ئەم ڕەوتە تۆزێ جیاوازتر بوو؛ چوون لەلایەنگرانی کڵێسە چاوەڕوان دەکرا کە بەردەوام بن لەسەر پەیڕەوکردنی بیری نەگۆڕی خۆیان لەنەگۆڕبوونی کاتۆلیک،بەڵام بەسەر ئەمەشدا کاتۆلیکەکان تا ڕادەیەک تامی ئازادییان

چێشت. ئەم ڕەوتە بەرەبەرە بووە هۆی وەلانانی هەرچی زۆرتری کڵێسە لەکاروباری سیاسی. خەڵک لەوە تێگەیشتن کە دەکرێت پانتاییەک بۆ کردەوە و ئەندیشەکان هەبێت بە دوور لە ئایین و کڵێسە. ئەم ڕێگا چارەیە بووە هۆی زۆرتر دوورکەوتنەوەی کڵێسە لەدەوڵەت،بە شێوەیەک کە ئەم جووداییەی نێوان دەسەڵاتی ئایین و دەوڵەت سنوری ناوچەکانی پرۆتستانتی بەزاند و بەشەکانی ترو ئایینەکانی تریشی گرتەوە. نموونەی بەرجەستەی ئەم جووداییە تەواوەی نێوان دەسەڵاتی ئایین و دەوڵەت،پەسەندکردنی یاسای لائیسیتی فەرەنسا بوو لەساڵی **١٩٠٥** دا.

هەوڵدان بۆ جودا کردنەوەی باوەڕ لە ئەقڵ وەک دوو بەشی جیاوازی مەعریفەت،نەک وەک دوولایەنی جیاوازی مەعریفەت،بە دڵی پیاوە ئایینیەکانی کڵێسە نەبوو. لەلایەکی ترەوە هەر ئەم پیاوە ئایینیانە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەشەی ئەندێشەی ئەقڵ گەرایانە لەفەلسەفە و لاهوتدا ناڕازی بوون. ئەوان بە جێگەی ئەوەی ئەوجودابییە





قبوول بکەن بە دوای سەرکوت کردنی ئەم ئەندێشانەوە بوون،بەوهیوایەی کە پێشکەوتووی باوەڕ بپارێزن. باوەڕێک کە بەدرێژایی سەدەکانی یەک لەدوای یەک بووە هێمای مەسیحیەت،و چەمکی ئەقڵ گەرایانەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی هێشتبۆوە.

## سیکۆلاریزم وەکوو فەلسەفەیەک...

### (سیکۆلاریزم بەس نەبوونی ئایین نییە )

ئەگەرچی دروستە کە دەتوانین سیکۆلاریزم بەنەبوونی ئایین بزانین بەلاّم زۆرتر ئەوەیان بە سیستەمێکی فەلسەفی زانیوە،کە نیشانەی تایبەت بە خۆی و سیاسی وکەلتوری و کۆمەلاّیەتی لەخۆ دەگرێت. دەبێت سیکۆلاریزم وەکو فەلسەفەو سیکۆلاریزم وەکو ئەندێشە،تۆزێ جیاواز لەیەکتر بزانین.بەلاّم سیکۆلاریزم چ جۆرە فەلسەفەیەکە؟ فەلسەفەی سیکۆلاریزم بە شێوازی جۆراوجۆر شرۆڤە کراوە،هەلّبەت لەیەکچوونی گرنگ لە نێوان هەموویاندا هەیە. "جۆرج یاکوب هالی ئوک" داهێنەری وشەی سیکۆلاریزم بەراشکاوی لەکتێبی "سیکۆلاریزمی ئینگلیزیدا" ئەم وشەیە پێناسەدەکات: سکۆلاریزم سیستەمێکە بۆ ئەرکەکانی پەیوەندی دار بە ژیانی ئەم





دونیاوە،سیستەمێکە کەبەتەنیا پشت بە تێبینیەکانی مرۆڤە دەبەستێت و زۆرتریش کەسانێک ئەم بیرو باوەڕە هەلّدەبژێرن کە لاهوت بە نادیار،ناتەواو،باوەڕ پێ نەکراو دەزانن. بنەما سەرەکییەکانی سیکۆلاریزم بەم شێوەیەن:

- باشکردنی ژیانی ئەم دونیا بە کەرەستەگەلی ماددی.
- زانست،وەک موعجزەیەکی زیندو و ئامادەو بەرچاوی ئەم دونیایەیە.
- چاکەکردن باشە. ئەگەر خێرێکی دیکەی {پەیوەندیدار بەو دونیای } لە گەلّ بێت یان نە.چاکە کردن لەم جیهانەدا و گەڕان بەدوای چاکەدا،کارێکی باشە.

"رۆبرت گرین ئینگرسۆلّ" وتەبێژ و ئازاد ئەندێشی ئەمریکایی بەم جۆرە سکۆلاریزم پێناسەدەکات:

سیکۆلاریزم ئایینی مرۆڤایەتییە،بە کاروباری ئەم دونیاوە خەریک دەبێت،هۆگری هەموو ئەو شتانەیە کە کامەرانی و خۆشگوزەرانی تێدابەدی

بێت،سەرنجی ئێمە بۆ هەسارەیەک ڕادەکێشێت کە ژیانی تێدا دەرکەوتووە،بەو مانایە کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ بەنرخە،بەیاننامەی سەربەخۆیی فیکرییە،کورسی پێشتر لەمینبەری مزگەوت دەژمێرێت. واتە ئەوانەی کە لەڕەنجدان دەبێت سوود وەربگرن و ئەوانەش وا کیسەیان هەڵدوریوە دەبێت دیلی زنجیربن،ناڕەزایەتیەکە لەدژی سەرەڕۆیی کڵێسە لەدژی کۆیلە و ڕایەتی کاهینان بوون،ناڕەزایەتیەکە لەدژی لەناوبردنی ئەم ژیانە بۆ ژیانێکی دیکە کە هیچ شتێکی لێ نازانین،ئامانجی ئەوەیە "خوداکان" ئاگایان لەکارەکانی خۆیان بێت تاکو ئێمە بۆ خۆمان و کەسانی دیکە ژیان بکەین؛ بۆ ئێستا نەک رابردوو،بۆ ئەم جیهانە نەک جیهانێکی دیکە.سیکۆلاریزم تێدەکۆشێت تا ئێمە لەتوندوتیژی،خراپی و نەزانی،هەژاری و نەخۆشی دوور بخاتەوە. (ڤیرژیلیۆس فێرم) نووسەری کتێبی << دائرە المعارف دین>> لەپێناسەی سیکۆلاریزمدا بەم جۆرە دەنوسێت: << پانتاییەکە کە تێیدا سیستەمگەلێکی لەرەوشتی کۆمەڵایەتی





لەپێناوی مرۆڤەکاندا کاردەکەن کە بەبێ پشت بەستن بەئاین بە دوای باشتر کردنی باری مرۆڤەکانەوەن کە تەنیا لە ڕێگەی ئەقڵی مروڤ و زانست و ڕێکخستنی کۆمەڵگاوە دەکرێ. سیکۆلاریزم وەک روانگەیەکی پۆزەتیڤ و فرە پەسەندکراو دەرکەوت و مەبەستیش لەم چەمکە ئیدارەکردنی هەموو چالاکی و دامەزراوەکانە و ئامانجیشی ئاینی نییە بەڵکو لەپێناوی لایەنی خێر و خۆشبەختی ژیانە لەم دونیایەدا>>

لەم دواییەدا (بیرنارد لۆیس)چەمکی سکۆلاریزم بەم شێوەیە لێک دەداتەو :

<< وشەی سکۆلاریزم یەکەم جار لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لەزمانی ئینگلیزیدا بە کار هێنراوە،و لەبنەڕەتدا لایەنێکی ئایدۆلۆژیکی هەبوو و لەیەکەمین بە کار هێنانیدا ئامۆژەیەک دەستنیشاندەکات کە بە پێی ئەوە ئەخلاقیات لەسەر تێبینی ئاقلانەیەو گرێدراوە بە خۆشبەختیەکانی مرۆڤەوە لەم دونیایەدا،و ئەو تێبینیانەی کە پەیوەندیان هەیە بە خواو ژیانی ئەودونیا دەبێت

وەلابنرێن. لە دوایدا،ئەم وشەیان بە مانایەکی گشتی تر بەکار هێنا کە دامەزراوە گشتییەکان،بە تایبەت فێرکردنی گشتی دەبێت سیکۆلار بێت نەک ئایینی. لە سەدەی بیستەمدا ئەم وشەیە مانایەکی بەرینتری بە خۆیەوە گرت کە لەمانا کۆن و تازەکەی وشەی سیکۆلاریزم پێک هاتبوو. بەزۆری ئەو وشەیان لەگەڵ "جودایی" (دامەزراوکانی ئایین و دەوڵەت) بەکار دەبرد،ئەم مانایە نزیک بوو لەوشەی فەرەنسی(Laicisme)،ئەم وشەیە چووەتە نێو زمانەکانی دیکەشەوە بەلام تا ئێستا لەئینگلیزیدا بەکار ناهێنرێت. بە پێی ئەم وەسفانە سیکۆلاریزم فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤە کە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە خێری ژیانی ئەم دونیاوە؛ باشتربوونی ژیانی مرۆڤ بەپرسێکی ماددی دەزانێت نەک رۆحی،و باشترین رێگای بەدیهێنانی ژیانێکی چاکتر بە هەوڵی مرۆڤ دەزانێت نەک بەپەرستنی خوا یان بوونەوەرە میتافیزیکییەکان.

دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت،کاتێک کە "هالی ئوک" وشەی سیکۆلاریزمی بە کار هێنا دابینکردنی





پێداویستییە ماددیەکانی خەڵک گرنگییەکی زۆری هەبوو،هەرچەن پێداویستییە ماددیەکان لەبەرامبەری پێداویستییە مەعنەویەکاندا هاتەئاراوەو هەر بۆیە کاروباری پەروەردە و فێرکردن و گەشەی تاکەکانی کۆمەڵگاشی گرتەوە،بەڵام ئامانجی سەرەکی ریفۆرمخوازانێکی پێشەنگ وەک (هالی ئوک) زۆرتر،دابین کردنی پێداویستی گەلێکی وەکو : خانوو و خۆراک و جل و بەرگ بوو.

## سیکۆلاریزم وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی

### ( رەسمی کردنەوەی پانتایەکی دیاری کراو خۆڕسک و سەربەخۆ و دوور لە ئایین)

ئەگەرچی ئەمڕۆکە سیکۆلاریزم مانایەکی بەرتەسک تری پێ بەخشراوە،بەلام بەم حاڵەشەوە لایەنێکی فەلسەفی خۆی پاراستووە بەتایبەت کاتێک کە لەبواری سیاسی و کۆمەلایەتیدا دێتەئاراوە. لە سەرانسەری مێژووی سیکۆلاریزمدا ئەم مانایە خۆاستێک بووە بۆ دامەزراندنی پانتایەکی سیاسی و کۆمەلایەتی کە ناتۆرالیست( سرووشت گەرا) یان ماتریالیست( ماددەگەرا)بێت. پانتاییەک کە لەسەروی پانتایی ئایینەوە بێت،ئایینێک کە لەژێری بالادەستی میتافیزیک و باوەڕدایە.

بەشێوەیەکی سوننەتی،لەولاتانی





مەسیحیدا،دەوڵەتیان بە شتێکی خراپ،بەلام پێویست دەزانی،کە بۆ جێگر کردنی سیستەم و رێخستنی گشتی پێویستیان پێی بوو. لەڕاستیدا دەوڵەت بەدامەزراوەیەک دەژمێردرا کە لەخزمەتی ئەو دەسەلاتدارە گەندەلانەدا بوو کە رێگری خەڵک بوون لەبەڕێوەبردنی ئەرکە کلێسەیەکانیاندا. بە پێچەوانەی دەوڵەت،کلێسەیان بە دامەزراوەیەکی پیرۆز دەزانی کە دەوڵەت دەبوایە گوێڕایەڵی بووایە. ئەگەرچی دەوڵەت دەیتوانی بەرپرسی پاراستنی رێخستنی گشتی بێت بەلام بەرپرسیارەتییەکی گرنگتر لەئەستۆی کلێسەدا بوو کە بەرپرسی رۆحی هەموو خەڵک و ژیانی ئەو دونیای خەڵک بوو.

لەمیانەی سەدەکانی ناوەڕاستدا،کاتێ کە فەیلەسوفان و لاهوتیەکان دەستیان دایە رەتکردنەوەی روانگە سەرەتاییەکانی ئەگۆستینی سەبارەت بە سیاسەت،بەرەبەرە تێڕوانین لە مەڕ ئەم روانگەیە گۆڕدرا،بۆ وێنە(تۆماس ئاکۆیناس) بەڵگەی هێنایەوە کەدەوڵەت باوەڕپێکراوی

خودایە،لەبەر ئەوەی ئەرکی دەوڵەت ئەوەیەکە دۆخی کۆمەڵایەتی پێویست،بە جۆرێک دابین بکات کە رزگاری ئەو دونیا مسۆگەر بێت. واتە،بەبڕوای( ئاکۆیناس )یش دەوڵەت ژێر دەستی کڵێسە دەژمێردرا،بەڵام کردەوەو ڕۆڵی دەوڵەت چی تر نێگەتیڤ نەدەزانرا.

بەڵام ئەم بیرۆکە چاککراوەش لەگەڵ دەرکەوتنی رینسانس لەئیتالیا گۆڕدرا. رێنیسانس شۆڕشێکی فیکری و پراکتیکی خولقاند کە داوێنەکەی سەرانسەری ئەورووپای گرتەوە،هەر لەسەرەتای سەردەمی رێنیسانسدا نووسەرانێکی وەک "دانتێ" لەسەر ئەو بڕوایە بوون کەکاربەدەستانی ئەم دونیا مافی ئەوەیان هەیە بەدوور لەهەر چەشنە پێویستی یان مەیلێک بە کڵێسە دەسەڵاتیان بەدەست بێت،ئەم روانگەیە تا کۆتایی سەدەی ناوەڕاست گشتگیر نەبوو،بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات،بنەما سەرەکییەکانی فەیلەسوفانێکی سیاسی وەک (ماکیاڤیلی) لە ئەورووپا پەسەند کرا. بەڵام دابڕانی یەکجاری





لەڕابردوو،بە نوسراوەی فەیلەسوفانی سیاسی بەدی نەهات،بەڵکو ئەنجامی کردەوەی مەسیحیە دەمارگرژەکان بوو،کە بە شێوەیەکی سوننەتی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێت ئامۆژە ئاشکراکانی مەسیحیەت لەدڵی کۆمەڵگای مەدەنیدا بێت،بەڵام هەموو ئەم بیروباوەڕانە لەمیانەی شەڕە ئایینیەکاندا لەناو چوون. ئەو شەڕانەی کە بەدوای چاکسازی پرۆتستانتیدا رویاندابوو،بەهۆی ناکۆکی لەسەر رێبازی راستەقینەی ئاینی مەسیحی،مەسیحیەکان دەستیاندایە کوشتنی یەکتر و دەوڵەتانی مەسیحی چوونە شەڕی دەوڵەتە مەسیحیەکانی دیکەوە. بەڵام بەرەبەرە خەڵک لەوە تێگەیشتن کە دەبێت مەسیحیەت لەلایەک و دەوڵەت و کولتوریش لەلایەکی دیکە و جیوازییەک لە نێوانیاندا هەبێت. بەم شێوەیە کۆمەڵگا توانی دامەزراوەی بنەڕەتی بۆ رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان پێک بێنێت،کە دەکرێ هەموو کەس بە دوور لەبیرو بڕوا ئاینیەکان لە سەریان رێکبکەوێت. هەندێ پەنا دەبەنە بەر ئامۆژەگەلی مافی و سروشتی کە

بەرهەمی فەیلەسوفانی ڕەواقی (ڕێبازی فەلسەفەی یۆنان) سەردەمی دێرین بوون.

هەندێکی دیکە بە نیشاندانی راڤەیەکی دیکە لەمەسیحیەت وەکو( دائیسم ) خۆیان خەریک کرد. هومانیزمی رێنیسانس بواری رەخساند بۆ دەست راگەیشتن بە نوسراوە و ئەندێشەی یۆنانیەکان و رۆمیەکانی سەردەمی دێرین و لەم رەوتەدا رۆڵی گرنگی گێڕا.

هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییەکە فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران بە خوڵقاندنی ئەو چەشنە لەجودایی دەوڵەت لەکڵێسە ئەو یارمەتیانەیان دابێت کە خەڵکی ئەمڕۆ چاوەڕوانی دەکا. سیستەمێکی لەم جۆرە بە تەواوی بۆ خەڵکی سەدەی شانزدەهەم نامۆ بوووە ئەگەر ئەم سیستەمەشیان پێ بناسێنرایە دوور بوو لەوەی پەسەندی بکەن،چون ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە پێویستە مەسیحیەت ئەخلاق و پەیڕەوی خەڵک لەسەرکردە سیاسیەکانیان بپارێزێت. ئەوان بە دوای دابڕان لەمەسیحیەت نەبوون،بەڵکو





تێگەیشتبوون کە مەسیحیەت وەک بنەما هێشتا کەمە بۆ دامرکاندنی شەڕی ئایینی و سیاسی و ئەو پێکدادانانەی کە وەکو نەخۆشییەکی کوشەندە ئەوروپای گرتبووە.بەم پێیە ئەوان بە دوای هەرێمێکی نوێی ئەندێشە و کردەوەدا دەگەڕان کە بتوانن کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە بێ گەڕانەوە بۆ بنەما ئایینیەکان و تەنانەت رێبەرانی ئاینی چارەسەر بکەن. هەنگاوی سەرەکی لەم رەوتەدا داڕشتنی فەلسەفەی مافی سروشتی بە دەستی بیرمەندانێکی وەک "هابز" و "گرۆتیوس"بوو. "هۆگۆدۆگۆرت" کە (گرۆتیوس) ناوە هۆڵەندیەکەیەتی،بە هێنانە ژێر پرسیاری کولتوری توندی ئایینی هۆڵەندا لەو کاتەدا ژیانی خۆی خستەمەترسییەوە بۆ ئەوەی بڵێت مرۆڤەکان لەڕاستیدا سەربەستن لەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەپێی ویستی خۆیان بگۆڕن،واتە خەڵک مافی ئەوەیان هەیە خۆیان یاسای خۆیان دابنێن و دامەزراوە سیاسیەکانی خۆیان سەقامگیربکەن و بڕیاردەر بن کە چ

شێوەیەک بدەنە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان و چۆن ئاراستەی بکەن. ئەمەش بەو مانایە دێت کە مرۆڤەکان لەراستیدا دەتوانن لەرزگاری خۆیاندا رۆڵیان هەبێت،ئەمە کێشەیەکی گەورە بوو کە ئەو بەرەورووی ئاینی توندڕەوی کردەوە. ئەم فەلسەفە مافیە سەربەستی مرۆڤی کردبووە بنەما و مانای جیهانگیری(یۆنیڤرسال) بەکار هێنا تاکو ئەندێشەگەلێک دەربارەی زاتی مرۆڤ و دەوڵەت گەلاڵە بکات. بە پێچەوانەی ئەندێشەی کلێسەی کاتولیک کە لەسەر بەهاگەلی مێتافیزیکی و چاودێری ناوەندی ئیمپراتۆری سیاسیدا بوو. ئەندێشە نوێیەکان بانگەشەیان بۆ سەر بەخۆی،و دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەکرد کە داوای مافی سەربەخۆیی و پەیرەو نەکردنی مەرجەعی ئاینییان دەکرد. هەردەوڵەتێک سەربەستە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەبە گرنگ دەژمارد یاساکانی خۆی دابنێت. هەر دەوڵەتێک شایستەی سەربەخۆیی و دیاری کردنی چارەنوسی خۆیەتی بە دوور لەدەستێوەردانی کلێسە.





چاوەڕوان نەدەکرا کە دەوڵەتان لەسەر هەموو شتێک هاوبیربن. هەرچەندە هەموویان مەسیحی بوون،بەڵام چاوەڕوان دەکرا هەموو دەوڵەتەکان بە دوای ئامانجی نەتەوەیی خۆیانەوە بن. ئەو ئامانجانەی کە ڕێبەرانیان بە گونجاویان دەزانی. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات ئەم رەوانگەیە بووەجۆرێک لە ڕێژەگەریی سیاسی کە بەمپێیە،بڕیارە سیاسیەکان دەبێت لەسەر بنەمای بواری ناوچەیی و رەچاوکردنی جیاوازییە کولتوریەکان بێت نەک لەسەر بنەما یۆنیڤرساڵەکانی.

بەم حاڵەشەوە ئەم ڕێژەگەرییە سیاسییە بە تەواوی خۆی نەسەپاند؛ بەڵکو بە جێگەی یۆنیڤێرساڵیزمی مەسیحی،وێنەی سیکۆلار لەئامۆژەی گشتگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هاتە ئاراوە. بە پێی ئەم ئامۆژانە جیاوازی کولتوری لەبەرامبەری لەیەک چوون و یەکبوونی جۆری مرۆڤ کەمبایەخ دەژمێردرا. هەموو مرۆڤەکانی بە پێچەوانەی جیاوازی ناوچەیی،بەخاوەنی

پێداویستی و مەیلی بنەڕەتی،یەکسان زانیوە،لە ئەنجامدا قبوڵیان کرد کە بەشێک لە بنەڕەتە گشتی وسەرتاپاگیری ئابووری ـ سیاسی یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە کە دەبێت پێوەری هەڵسەنگاندنی سیستەمگەلی ئابووری،سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بێت. جیهان گەرایی مەسیحی،بە سەرهەڵدانی چاکسازی پرۆتستانتی لە دونیای مەسیحیدا خەسارێکی گەورەی لێکەوت،لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەی کە رێژەگەریی و جیهانگەرای رووبەڕووی کردەوە هێزو توانای لە دەست دا. بزاوتگەلێک کە هەردووکیان زاتێکی سیکۆلاریان هەبوو کە دەوڵەتیان نەوەکو پەیڕەوی کڵێسە دەویست و نەوەکو پاسەوانی حەزەکان و بەها میتافیزیکیەکان. هەردووکیان بە دوای ڕەسمییەت پێدانی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ مەعریفەت،بەهاکان و کردارەکانەوە بوون کە بتوانن لەوێدا پێداویستییە مرۆییەکان بە دەستی دامەزراوە مرۆییەکان و بەدوور لە مەرجەعی ئایینی یان دەستێوەردانی کڵێسە بەدی بهێنن.





## سیکۆلاریزم و سکۆلاریزاسیۆن

### (وەلانانی ئایین لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی)

ئەگەرچی ماناکانی سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیون پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە بەڵام یەکێک نین.جیاوازیەکەیان لەوەڵام دانەوەیانە بە پرسیاری رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگادایە. سیکۆلاریزم بانگەشەی هەرێمێک دەکات بۆ مەعریفە،بەهاکان و کردارەکان کە دەبێت سەربەخۆو دوور لەمەرجەعی ئایینی بێت. بەڵام پێویستی رۆڵی ئایین لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی رەت ناکاتەوە. بەڵام سیکۆلاریزاسیۆن بەدوای وەلانان و دوورخستنەوەی ئایینە لەم بوارانە.

لەنێو رەوتی سکۆلاریزاسیۆندا

دامەزراوەکان،ڕێکخراوە ئابووریەکان و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئایینی دێنە دەرەوە. پێش سیکۆلاریزم،ڕەنگە ئەم کۆنترۆڵە ڕاستەوخۆ بێت. واتە بەڕێوەبردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لەدەستی مەرجەعە ئایینیەکاندا بێت. بۆ وێنە کاتێک کە قەشەکان بەرپرسی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان بوون. یان ئەوەی کە کۆنترۆڵی ئایین ناڕاستەوخۆ بێت،واتە بنەما ئایینیەکان دیاریکەری بەڕێوەبردنی کاروبار بێت وەکو کاتێک کە مافی هاوڵاتیبوون کەسەکان لەسەر پێودانگی ئایینی دیاری دەکرێت.

دەسەڵاتی ئایین بە هەر جۆرێک بێت،چ ئەم دامەزراوانە بە تەواوی لەدەستی مەرجەعە ئایینیەکانەوە بێتە دەرەوە و بخرێتە ئەستۆی ڕێبەرانی سیاسی و چ ڕکەبەریان بۆ ساز بێت.سەربەخۆیی ئەم دامەزراوانە موژدە بەخشی ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆنە. ئەم ڕەوتە دەرفەت بە کەسەکان دەدات تاکو سەربەخۆ بن و چی تر پێویستیان نەبێت لەدەرەوەی کلێسە پەیڕەوی





مەرجەعی ئایینی بن. یەکێک لەکاردانەوە پراکتیکەکانی سیکۆلاریزاسیۆن جودابوونی ئایین لەدەوڵەتە. لەڕاستیدا ئەم کاردانەوەیە بە جۆرێک سیکۆلاریزاسیۆن مان بیر دەخاتەوە کە بە زۆری ئەو دوانە بە دیاردەیەک دەزانن. و بە زۆری بە جێگەی سیکۆلاریزاسیۆن باس لە"جودایی کلێسە لەدەوڵەت " دەکەن. بەڵام دەبێت لەبیرماندا بێت کە سیکۆلاریزاسیون ڕەوتێکە کە لەنێو کۆمەڵگادا بەدی دێت. لەحاڵێکدا جودایی دامەزراوەی ئایین لەدەوڵەت وەسفێکی هەڵکەوتە کە لەبواری سیاسیدا ڕوو دەدات.

جودایی ئایین لەدەوڵەت لەڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆندا بەو مانایەیە،کەدامەزراوە سیاسییە تایبەتەکان کە بەپلەی جیاواز لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدان،لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئایین بێنەدەرەوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە دامەزراوە ئایینیەکان چی تر ناتوانن دەربارەی پرسە سیاسی و گشتییەکان قسەیەک بکەن،بەڵکو بەو مانایەیە کە ڕوانگەی ئەم

دامەزراوانە چی تر نابێت بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنرێت،یان بناغەیەکی سیاسەتی گشتی بێت. لەکردەوەدا،دەوڵەت دەبێت تا ئەو جێگەی بۆی دەکرێ لەمەڕ بیروبڕوای جۆراجۆری ئایینی بێ لایەن بمێنێتەوە،نە رێگری بێت و نە بەرپێوەبەریشی.

ئەگەرچی رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن دەتوانێ بەهێمنی و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بەرەو پێش بڕوا،بەڵام لەراستیدا،بەزۆری لەم چەشنە نەبووە،مێژوو نیشانیداوە کە ئەو مەرجەعە ئاینییانەی کە دەسەڵاتی ماددی زۆریان بەدەستەوە بووە و ئەم دەسەڵاتەیان بەبێ کێشمەکێش رادەستی دەوڵەتی مەدەنی نەکردووە،بەتایبەت لەکاتێکدا کەئەم مەرجەعانە پەیوەندییەکی گەرموگوڕیان لەگەڵ هێزە کۆنەپارێزە سیاسییەکاندا هەبووە ئەم کێشمەکێشە دژوارتر بووە. لەئەنجامدا سیکۆلاریزاسیۆن زۆرتر هاوڕێی شۆڕشە سیاسییەکان بووە. لەفەرەنسا کڵێسەو دەوڵەت لەدوای شۆڕشێکی خوێناوی لەیەک جودابوونەوە.





لەئەمریکا ئەم جودایە بێ گێرەوکێشەو هێمن بوو بەڵام لەدوای شۆڕشێک و پێکهاتنی دەوڵەتێکی نوێ بەدیهات.

هەڵبەت ئامانجەکانی سیکۆلاریزم بەردەوام بێ لایەن نەبووە. هیچ کات پێویست نەبووە کە سیکۆلاریزم لەدژی ئایین بێت،بەڵام سیکۆلاریزم زۆرتر لایەنگرو هاندەری رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن بووە،کەسێک سیکۆلارە کە بوونی دەسەڵاتی دیکە لەسەروی دەسەڵاتی ئایینەوە بەپێویست بزانێت. بەڵام ئەگەری ئەوەش زۆرە ئەم کەسە لانی کەم لەپرسەدیاریکراوە کۆمەڵایەتیەکاندا بڕوای بە پێشکەوتووی بواری سکۆلار بێت.

بەم پێیە جیاوازی نێوان سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆن ئەوەیە کە سیکۆلاریزم زۆرتر تەوەرێکی فەلسەفییە سەبارەت بەچۆنیەتی دۆخی کاروبار،بەڵام سیکۆلاریزاسیۆن هەوڵێکە بۆپراکتیزەکردنی ئەم فەلسەفەیە،هەوڵێک کە ئەگەر پێویست بێت زۆریشی تێدا بە کار دێت. لەکۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا،دەنگی دامەزراوە

ئایینیەکان نەکوژاوەتەوە،ئەم دامەزراوانە بەردەوام دەتوانن دەربارەی کاروباری گشتی راشکاوانە بیروڕای خۆیان دەربڕن. بەڵام مەرجەعیەت و دەسەڵاتیان بە بۆارێکی تایبەت بەرتەسک دەکرێت،ئەو کەسانەی کە هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ بەها ئاینیەکاندا هاوتەریب دەزانن ئەم هاوتەرییبە خۆیان سەربەستانە هەڵیدەبژێرن بەبێ ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە هانبدرێت یان هەڕەشەی لێبکرێت.





## ئایین لە کۆمەڵگایەکی سیکۆلاریدا

### (ئایین دەتوانێت چ رۆڵ و پێگەیەکی هەبێت؟)

ئێستا کە سکۆلاریزم رازی نییە بە بوونی مەرجەعە رۆحانیەکان لەبواری گشتیدا و ئایین لە دەسەلات جیا دەکاتەوە،چ رۆڵێک بۆ ئایین لەکۆمەڵگایەکی سکۆلاردا دەمێنێت؟ ئایا بڕیارە ئایین بەرە بەرە لاواز بێت و لەبەر چاو وون بێت؟ ئایا ئایین بە دەستەیەک سوننەتی نامۆ و بێ بایەخ لەسوننەتی کولتوریدا لێ کەم دەکرێتەوە؟ ئەمە کەڵکەڵەی نەیارانی سیکۆلاریزم و سیکۆلاریزاسیۆنە. ئەمانە بەڵگە دەهێننەوە کە ئایین گرینگتر لەوەیە کە بەم شێوەیە لە بازنە بخرێتە دەرەوە.

لێرەدا سرنجدان بە خاڵێک گرنگی زۆری هەیە؛ زۆرتر دەیبیستین یان دەیخوێنینەوە کە

سیکۆلارەکان دەیانەوێت ئایین بە ژیانێکی "تایبەت" پاوان بکەن و لەژیانی "گشتی" بیخەنە دەرەوە ـ کە ئەمە وێنا دەکەن گوایە سیکۆلارەکان نایانەوێت هیچ کەس لەشوێنە گشتیەکاندا باسێک لە ئایین بکات. ئەگەرچی پێ دەچێت هەندێ لە سیکۆلارەکان وا بیر بکەنەوە. بەڵام ئەمە راڤەیە ئەنجامی ئەو خاڵەیە کە جیاوازی دوو بواری (تایبەتی / گشتی) پتر لەیەک مانا هەڵدەگرێت.

بە بڕوای سیکۆلارەکان "تایبەتی" بوونی ئایین بە هەمان مانای تایبەتی بوونی حسێبی بانکی کەسەکان نییە. لەباری "گشتییشەوە" سیکۆلارەکان ئەویان بەمانای ((جێگەی پاراستن یان بە کار هێنانی خەڵک یان کۆڕ)) بەکار دەهێنا. بەم شێوە خواست بە وەلانانی ئایین لە"ژیانی گشتی" پێویستی بە سڕینەوەی ئایین لەبیروڕای گشتی نییە، بەڵکو پێویستی بەلابردنی داڵدەی گشتییە بۆ ئاین واتە(دەوڵەت). بەم شێوەیەخواست،بۆ تایبەتی کردنی ئایین بە مانای شاردنەوەی نییە بەڵکو بەو مانایەکە ئاین شێوەیەکی شەخسی و ئارزوومەندانە





بگرێتە خۆی.

کەواتە دەبینین رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن یان فەلسەفەی سیکۆلاریزم بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە لەناو چوونی ئایین نییە. سیکۆلارەکان سەبارەت بە ئایین وئەو رۆڵەی کە بیر دەکەنەوە دەبێت ئایین لەکۆمەڵگادا هەیبێت،هەڵسەنگاندی جۆراوجۆریان هەیە. زۆرێک سوورن لە سەر ئەو بڕوایە کە شەڕ و خراپی ئایین زۆرترە لەسوددەکانی،ئەم دەستەیە بە لەناو چوونی بەرە بەرەی ئایین هیوا دارن. بەڵام زۆرێک گەشبینن بە پاراستنی رۆڵی ئایین لەژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی باوەڕدارانـدا. تەنانەت هەندێ لەسکۆلارەکان لایەنگری رێکخراوە خۆبەخشە ئایینیەکان و هەوڵە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم رێکخراوانەن بۆ کەم کردنەوەی هەژاری و رەنجی کۆمەڵگا.

گەر ئایین لەکۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا لاواز بکرێت،چارەنوسێک کە بە تەواوی ئیمکانی هەیەـ نابێت هۆکارەکە راستەوخۆ بخەینە گەردنی سیکۆلاریزاسیون یان سیکۆلاریزم. دەتوانین ئەمانە

بە ئەو هۆکارانەی بزانین کە بوونەتە هۆی ناهۆگری خەڵک بۆ ئایین. لە کۆمەڵگایەکی ناسیکۆلاردا خەڵک چانسێکی کورتیان بۆ پشت گوێ خستن یان وەلانانی ئایین هەیە. ئەم جۆرە خەڵکە بەرەو هەرلایەک دەچن یان لەژێر باڵادەستی مەرجەعە ئایینیەکاندان یان پەیڕەوی بنەما ئایینیەکانن کە بوونەتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ژیانی خەڵک.

بەڵام لەکۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا دەرباز بوون لەرکێفی رێبەرانی ئایینی ئیمکانی هەیە. لەسەر شانی هیچ کەس نییە کە پەیڕەوی ئایین یان بەها ئاینیەکان بێت.مەگەر ئەوەی کە خۆی شتێکی لەو جۆرەی هەڵبژاردبێت.گەر بەشێک لە خەڵک پەیڕەوی کردن لەئایین هەڵنەبژێرن رێکخراوی ئایینی بە هۆی کەمی داهات و رێژەی ئەندامەکانی لاواز دەبێت.

هەڵبەت رێبەرانی ئاینی مافی خۆیانە کە لەئەگەری بەدی هاتنی ئەم بارودۆخە ناڕازی بن بەڵام دژایەتیان لەگەڵ سیکۆلاریزم و





سیکۆلاریزاسیون دا هەڵگری دوو هەڵەیە؛ هەڵەی یەکەم ئەوەیە کە ئەوان بەرپرسیارەتی ئەم کێشەیە دەخەنە ئەستۆی سیکۆلارەکان،ئەوان بە جێگەی ئەوەی هێرش بکەنە سەر سیکۆلارەکان کە بۆچی رێگەیان بە خەڵک داوە لەئایین دوور کەونەوە،دەبێت لەوە بکۆڵنەوە کە بۆچی خەڵک دەتوانێت لەئایین پاشگەز بێتەوە. هەڵەی دووهەم ئەوەیە کە هەر هەوڵێک بۆ هێرش کردنە سەر سیکۆلاریزم لەڕاستیدا پەسەند کردنی ئەو بابەتە دەردەخات کە رێبەرانی ئاینی تەنیا بە پشت بەستن بە هەڵبژاردنی تاک و تایبەت و ئیختیاری خەڵک،توانای ڕاکێشانی بیروڕا و پشتگیری خەڵکیان نییە.

ئەم بابەتە دەتوانێت بە تەواوی راست بێت. بەڵام پەسەند کردنی ئەمە بۆ ئایینیەکان قورس و تێکدەرە. هەرچەن پێ دەچێت تاکوو ئێستاش ئەو رێبەرە ئایینیانەی کە دژی سیکۆلاریزمن بەم خاڵەیان نەزانیبێت ئەوان بە چەند هۆیەک لەو خاڵە تێنەگەشتون کە ئایینێک کە بە پشتگری و یان بە

زۆری گشتی بە سەر خەڵکدا بسەپێنرێت بایەخی نابێت. گەر ئەوان بە راستی لەسەر ئەو بیروبڕوایە بن کە زۆر و زۆرەملێ و سەپاندن تەنیا رێگەی مانەوەی ئایینە ئەو کات قەبووڵی دەکەن کە ئایین بۆ خۆی بێ ئەرزشە،و ئەم بابەتەش رای سیکۆلارەکان پشت راست دەکاتەوە کە بۆ گەیشتن بە خێری گشتی،هیچ پێویستییەک بە ئایین نییە.





## رەخنەگرانی سیکۆلاریزم...

**(بۆ چی هەمووکەس سیکۆلاریزمی خۆش ناوێت؟)**

پێویست بە گوتن ناکات کە هەموو کەس سیکۆلاریزم بۆ خۆی بە باش نازانێت،تەنانەت ئەمڕۆکەش کەسانێک هەن کە نەک هەر سیکۆلاریزم و ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆن بۆ کۆمەڵگا بە باش نازانن بەڵکوو بەڵگەدەهێننەوە کە سیکۆلاریزم سەرچاوەی هەموو نەخۆشیەکانی جەماوەرە. بە ڕای ئەوان،واز هێنان لەسیکۆلاریزم و پەسەند کردنی بنەمایەکی ئایینی بۆ سیاسەت کولتور،کۆمەڵگایەکی پایەدارتر و ئەخلاقی تر،و لەکۆتاییدا رێخستنی باشتری کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت. بەڵام ئایا ڕەخنەگرانی سیکۆلاریزم راست دەڵێن؟

یەکێک لەو رەخنەیانەی کە زۆرتر لەسیکۆلاریزم

وەکوو فەلسەفەیەک دەگیردرێت رەخنەی پێداگری سیکۆلاریزمە لەسەر ژیانی ئەم دونیا بە جێگەی ژیانی ئەو دونیا یان دۆخی رۆحانی مرۆڤ. بە پێی بنەمایی سیکۆلارەکان کردەوەو بیروڕای ئێمە زۆرتر و گرنگتر لە هەموو شتێک لەسەر بناغەی دواهاتی حازر و بەرچاوی ئەم کردارانە بێت بۆ ژیانی خۆمان و مرۆڤەکانی دیکە. سیکۆلارەکان بوونی ژیانێکی دیکە لەسەروی ژیانی ماددیەوە نکۆڵی لێ ناکەن بەڵام ژیانی کۆتایی یان ئەو دونیا بە شایانی هیچ دوخێکی نایاب و تێبینیەکی تایبەتی نازانن؛ لەراستیدا ئەم خاڵەی کە ئەگەر ژیانێکی لەم چەشنەش چاوەڕوانی ئێمە بێت،ئێمە هیچ شتێک لەوە نازانین،بە بەڵگەیەکی گرنگ دەزانین بۆ ئەوەی خۆمان سەرقاڵی نەکەین. لەبەر ئەوەی ناتوانین بزانین خوا،رۆح،بەهەشت،یان ژیانێکی داهاتووی ئەو دونیا بوونی هەیە یان نە،کەواتە ئەمانە ناتوانن بزوێنەری هیچ کام لە کردارو بیروباوەڕی ژیرانەی ئێمە بێت.

هەڵبەت ئەم روانگەیە بەتەواوی لەدژی سەرەکی





ترین ئامۆژەی زۆریەک لەئایینەکانی جیهانە. ئایینەکانیش هۆگری باشتر کردنی ژیانی مرۆڤن بەڵام ئەم هۆگریە لەگەڵ هۆگری سیکۆلاریزم یان مەتریالیستی (ماددەگرا) زۆر جیاوازە. کەڵکەڵەی سەرەکی ئایینەکان لەکۆتاییدا رۆحی کەسەکە،کارمان یان جەوهەرێکی غەیری ماددی دیکەیە کە بەرزتر لە بوونی ماددی بیر دەکاتەوە،بەم پێیە،بزوێنەرە دونیایی و ماددیەکان بە کورت و تەنانەت نەگونجاو دەزانن بە بڕوای ئەوان ئەمانە ئامانجگەلێکی دروست نین بۆ ژیان.

چ رەخنەگرانی سیکۆلاریزم لەم خاڵەدا دروست بن و چ هەڵە،ئەمە رەخنەیەکی گونجاوە لەسەر سکۆلاریزم وەکو فەلسەفەیەکی شەخسی،بەڵام کاتێک سیکۆلاریزم وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی و سیکۆلاریزاسیون وەکو رەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین،ئەم رەخنەیە چیتر گونجاو نییەو نارەوایە،لەبەر ئەوەی بە دانانی ئەگەرێک کە ئامۆژەی ئایینێک دروست بێت،دەسەڵاتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی پاساوکەری

بنەمای ئەو ئایینە نییە بۆ سەر هەموو هاوولاتیان.

رەنگە خەلک ئەوبڕیارەبدەن کەلەژیانی شەخسی خۆیاندا سیکۆلار نەبن و تەنانەت پێ دەچێت ئەمە هەلبژاردنێکی دروست بێت. بەلام دەبێت خۆیان ئەم رێبازە هەلبژێرن نەوەکو کەسێکی دیکە ئەو شتەیان بۆ دیاری بکات. سیکۆلاریزم وەکو فەلسەفەیەکی شەخسی نکۆلی لە دەستێوەردانی هەر چەشنە بونەوەرێک یان بەهاگەلی میتافیزیکی لەژیانی شەخسیدا دەکات. بەلام سیکۆلاریزم وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بەشدارکردنی هەرچەشنە بونەوەر یان بەهایەکی میتافیزیکی لە پانتایی ژیانی کۆمەلایەتیدا رەت دەکاتەوە،رەخنەیەکی دیکە لەسیکۆلاریزم لەگەل رەخنەی پێشودا زۆر لەیەک نزیکن ئەوەیەکە سیکۆلاریزم ناتوانێت بنچینەیەکی پتەو بۆ ئەخلاق پێک بێنێت،بەوتەی ئەو رەخنەگرانە،ئەخلاقیات پێویستی بە بوونی بنەما و بەهاگەلی میتافیزیکی و هەتاهەتایی و نەگۆڕهەیە و فەلسەفەی ماتریالیستی ئەم دونیاش ناتوانێت ئەم





بنەما و بەهایانە بەدی بێنێت. کاتێک کە سیستەمە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان لەم جۆرە بنەما و بەهایانە پاشگەز ببنەوە لە هەرێمی ئەخلاقیشدا قسەیەکیان بۆ گوتن نابێت،و سیستەمێکی کۆمەلایەتی دوور لەئەخلاقی لەم جۆرەش توشی شلەژان و، گەندەلی و لەناو چوون دەبێت.

کێشەی سەرەکی ئەم رەخنەیە ئەوەیە کە گریمانەیەکی زۆر دەکات کە ناتوانێت دروستەکانیان پیشان بدات. گەر خوا هەبێت،گەر بەها میتافیزیکیەکان بوونیان هەبێت،گەر ئەم بەهایانە بۆ ئەخلاق پێویست بن و گەر ئەو فەلسەفە ماتریالیستییانە نەتوانن بنەمایەک بۆ ئەخلاق پێکەوە بنێن و زۆر گریمانەی دیکە کە دروستیەکەیان هەر بەهەمان ئەندازەجێگەی گومان و پرسیارە،ئەو کات ئەم رەخنەیە دەتوانێت دروست بێت. بە داخەوە،هەریەک لەم گریمانانە بە ئاسانی پێ دەچێت هەلە بێت. بەلگەی بەهێزمان هەیە بۆ ئەوەی بلێین زۆریەک لەم گریمانانە بە راستی هەلەیە. تەنیا شتێک کەبۆ رەتکردنەوەی ئەم

ڕخنەیە پێویستە ئەوەیەکە یەکێک لەگریمانەکانی هەڵە بێت،سەرەڕای ئەوەی کە زۆریشیان جێگەی گومانن،ئەم رەخنەیەش خۆی لە باشترین حاڵەتدا جێگەی گومانە. کێشەی دیکەی ئەم رەخنەیە ئەوەیەکە،تەنانەت گەر قبوولی بکەین کە هەمووی ئەم گریمانانە لەمانای گشتیدا دروست بێت،چۆن دەتوانین قبوولی بکەین کە بەمانای تایبەتیش دروستە؟ بە وتەیەکی ئاسانتر،ئێمە ناتوانین بوونی خوایەکی گشتی و بەها میتافیزیکیە گشتییەکان قبووڵ بکەین.بەڵکو دەبێت بوونی خوایەکی تایبەت،بەهاگەلی تایبەت و سیستەمێکی ئەخلاقی تایبەت قەبووڵ بکەین. بەڵام چ سیستەمێک دەبێت پەسەند بکەین و وەکو بنەمای سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکاری بێنین؟ بە شێوەیەک کە بۆ ئەو کەسانەی وا خوایەکی دیکەو بنەمایەکی ئایینی دیکەیان هەیە بەکار بهێنرێت،گەر نەتوانین وەڵامێکی دروست بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە ئەوکات لە کۆمەڵگایەکی ئازاد وفرەچەشن سکۆلاریزمێکی بێ لایەن سەردەکەوێت کە هیچ





سیستەمێکی ئایینی تایبەت پەسەند ناکات و دەسەڵاتی پێنەدات و هەوڵ نەدات بە سەر خەڵکدا بیسەپێنێت. دەرەنجامی ئەم رەخنە بێناوەرۆکەی کە دێتە ئاراوە،ئەوەیەکە رەوتی سیکۆلاریزاسیۆن هۆکاری نامۆبوونی خەڵکە لەریشە ئایینی و کولتوریەکانی خۆیان؛ ئەم رەخنەیە بە گشتی لەلایەن مەسیحیە کۆنەپارێزەکانەوە باس دەکرێت. بەڵام موسوڵمانەکان و جولەکە کۆنەپارێزەکانیش ئەم رخنەیان لەسکۆلاریزم گرتووە. بە بڕوای ئەوان لە کۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا،لەناوچوونی دەسەڵاتی سوننەتە ئایینیەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک دەرفەتی کەمتریان هەبێت تاکو سوننەتە ئایینیەکان و ئەو ئامۆژانە فێربن کە بنچینەی کولتوورەکەیان پێک دێنێت. ئەمە سەلماندنێکی سەرنجراکێشە بەڵام بێ سودە،راستە کە ئەمریکایەکانی ئێستا زۆر کەمتر لەئەمریکایەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی ئاینی مەسیحی دەزانن،ئەم راستییە لە چاو رەوتی فێربوونەوە جێگەی داخە بەڵام ناکرێ بە سەلمێندراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی

بژمێردرێت. خەڵک دەربارەی مێژووی یۆنانی سەردەمی دێرین،یان ئاین و سیاسەت و کولتوری رۆم کەمتر لەرابردوو دەزانن – ئەو کولتورانەی بێگومان رۆڵێکی گرینگییان هەبووە لەبیچم گرتنی کەلتوری رۆژئاوادا. ئەم نەزانیە جێگەی داخە،بەڵام بەڵگەیەک نییە کە بەها ئایینیەکانی یۆنان یان رۆم تێکەڵاوی سیستەمی سیاسی یان دامەزراوەی کولتوریمان بکەین. نەبوونی زانیاری و بێ ئاگای خەڵک دەربارەی مێژووی ئاینی مەسیحی و سوننەتەکانی هەر بەم رادەیە جێگەی داخە.

هەڵبەت،رێبەرانی ئایینی کۆنەپارێز ئەم وەڵامە بە راست نازانن، ئامانجی رێبەرانی ئایینی گەشەی سیستەمی ئایینیەکەیانە،بەراکیشانی پەیڕەوی نوێ و هاندانی پەیڕەوانی پێشوو بۆ وەفادارییەکی زۆرتر. کاتێک زاڵبوون بەسەر دەوڵەتدا و باڵادەستی لە کولتوری گشتیدا لەدەست بدەن گەیشتن بەم ئامانجانە دژوارتر دەبێتەوە. کاتێک کە بڕیار بێت وەکو رەکەبەرێک بەرامبەری ئایینەکان و فەلسەفەکانی دیکە





بووەستێتەوە،ئەگەری سەرکەوتن و گشتگیر بوونی ئایینەکەیان زۆر کەم دەبێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەوان بارودۆخێکی وایان پێ خۆش نییە _ بەڵام لەکۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا، لەمبارەوە رێبەرانی ئایینی هیچ کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نایەت،گەر بیروڕاشیان لایەنگری هەبێت ئەوا بەتەنیا لەبەر سەرەنج راکێشی بیروڕاکەیە. کاتێک کەداوای پشتگیری لەسیاسەت و کولتور دەکەن لەراستیدا قبووڵیان کردووە کە بیروباوەڕەکەیان بەتەنیاناتوانێت خەڵک بۆلای خۆی رابکێشێت. بە دڵنیاییەوە هیچ هەڵەیەک لەم بانگەشەیەدا نییە کە خەڵک نابێت سیکۆلاریزم وەکو بنەمای فەلسەفی شەخسی خۆیان،وبناغەیەک بۆ پێشچوونی ژیانیان هەڵبژێرن. لەبازاڕی بیروڕادا بوونی روانگەی جۆراوجۆر و رەکەبەر دەستکەوتێکی گەورەیە،بەڵام بەتەنیا ئەو فەلسەفانە دەتوانن بە دروستی و راستی خوازیاری وەلانانی سیکۆلاریزم وەکو گۆڕەپانێکی گشتی بۆ ململانێی ئایینەکان لەسەر بیروباوەڕی هاووڵاتیان بن کەبەدوای

زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگاو داخستنی ئەم بازاڕانەوە بن.

---

٢٠٠٨/١/٣١